www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:20 17-10-2006

# ئیسلامگەرای توندڕەو ـ ئیسلامگەرای میانڕەو! .. ستیڤان شەمزینانی

بۆ قسەکردن لەسەر دیاردەیەکی وەك ئیسلامی سیاسی پێویستیمان بە رووبەرو پانتاییەکی فروانترە بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی گشتی و لە تەواوی سیاقە جیاوازەکانەوە لەو دیاردەیە بدوێین، بەڵام من لێرەدا لەسەر سی ئاست یان راستر بڵێم لەسەر سی تەوەر قسە دەکەم کە من بەم شێوەیە تەوزیفی دەکەم:



تەوەرەی یەکەم ـ ئیسلامگەرا چییە؟

دوا بەدوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانلی لە دوانزەی ئازاری ساڵی 1924دا لەلایەن تورکە کەمالییەکانەوە، بە چەند ساڵێکی کەم یەکەمین گروپی ئیسلامی ریشەیی خواز لە میسر بەنێوی گروپی (برایانی موسڵمان ـ إخوان المسلمين) دروست بوو کە مەهامی سەرەکی ئەم دەستەیە گەڕانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت بوو بۆ سەر شانۆیی سیاسی، لێرەوە لەنێو دنیای ئیسلامیدا زەمینە سازبوو بۆ سەرهەڵدان و پێکهاتنی چەندین گروپی تری ئیسلامی رادیکاڵی کە هەموویان خەونیان بە گێرانەوەی دەوڵەتی خەلافەتەوە دەدی، کە دەتوانین (إخوان المسلمين) بە دایکی هەموویان دابنێین، لە هەناوی ئەو گروپەدا چەندین گروپی تر دێنە دەرەوە کە هەریەکێکیان بە ئاراستەیەکی جیاواز هەنگاو بەرەو ئەو خەونە دەنێت.

کە ئەم رەوتانە بی هیچ خوێندنەوەیەکی عەقلانی و ژێر بێژی و دیدێکی نوی و هاوچەرخ بۆ چەمکە قورئانی و ئیسلامییەکان بە هەمان تاکتیکی سەردەمی پێغەمبەر (محەمەد) دوە، کەوتنە کار بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان یان باشتر بڵێین بۆ پاشەکشە پێکردنی جیهان بۆ دۆخی رابردوویەکی دوور کە لە تێڕوانینی ئەواندا ئەو رابردووە رابردوویەکی بی خەوش و بێگەردەو کۆمەڵی پێشین (سلف) کۆمەڵێکی نموونەیی (میالی) بی هاوتا بووە، ئەرشیفی ئەو رابردووە بە رادەیەکی خەنی و دەوڵەمەندە کە وەڵامی هەموو پرسیارە عەقلانی و مەعریفییەکانی مرۆڤی کۆن و نوی و کۆمەڵی کۆن و نوێی داوەتەوەو هەر بۆیە پێویست ناکات مرۆڤ لە غەیری ئەم رابردووە پاکە بۆ شتێکی تر بگەڕی. هەروەك چۆن (ڕبوبکری سدیق) دەیوت (گەر بۆ گوریسی ملی حوشترەکەم بگەڕێم لەنێو قورئاندا دەیدۆزمەوە) ئەم رەوتەش بە هەمان شێوە رابردوو و دینەکەی گشتگیر دەکات و دەیەوی جارێکی تر کت و مت بی هیچ جیاوازییەك ئەو رابردووە وەك خۆی بگەڕێنێتەوە بەبی لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی بابەتی و کۆمەڵایەتی دنیای نوی کە دنیایەکە پڕ لە ئاڵ و گۆڕی خێرا.

لەم حاڵەتەشدا کۆی ئیسلامگەرەکان بە توندڕەوو میانڕەوەییانە هەمان خەونیان هەیەو تەنیا ستایڵی کارکردنی سیاسیان لێك جیاوازە بەڵام لە دوا وێستگەدا هاوئامانج و هاوڕێگان و سەرباری ئەمەش ئەم رەوتانە هاتوون تا دەروازەکانی عەقڵ کلۆم بدەن و دەرگاکانی دیالۆگ دابخەن و بە شێوەیەکی نەقڵی و بی بیرکردەوە لەنێو تێکستەکان و مێژوودا شوێنکەوتە بن چونکە هەموو جۆرە لۆژیکبازییەك لە فەرهەنگی ئەواندا یەکسانە بە زەندیق بوون (فمن تمنطق تزندق) و مافی بیرکردنەوەو رامان و هەڵوێستەکردن لە دەرەوەی کتێب و سوننەت و رای کۆی زانایان (إجماع العلما و ) رەت دەکاتەوە، تەنانەت ئیخوانەکان دوژمنی سەرەکی ریفۆرمخوازی و نوێگەرانی بیری ئیسلامی بوون و بە هەمان شێوەی حەنبەلییەکان کەوتنە دژایەتی کردنی رۆشنفکران و موسڵمانانی نوێخواز، گەر لە رابردوودا

حەنبەلییەكان بەربەستی یەكەمی بەردەم رەوتێكی عەقڵانی وەك (معتزلە) بووبن ئەوا ئیخوانەكان و ئیسلامگەرای هاوچەرخ بەربەستی سەرەكی بەردەم رێنسانسی ئیسلامی بوون كە (محمد عبده ـ جمال الدین ئەفغانی) پێشەنگی بوون و هەنووكەش (د. نێر حامد رِبو زید ـ محمد اركون چەندانیتر) خەڵكانێكی ناسراون. لە هەمان بواردا.

**تەوەری دووەم ـ توندڕەوی و میانرەوی:**

بەر لە هەر شتێك جیاكاریی و پۆلێن كردنی ئیسلامگەرەكان بۆ سەر دوو پایەگا كە یەكەمیان پایەگای توندڕەووەكانەو هەموو جۆرە عەقڵ و گفتوگۆ و زمانی پێكەوە هەڵكردنێك نراوەتە لاوە، بە پێچەوانەشەوە پایەگاكەی تر برِوای بە دیموكراسی و دیالۆگ و هاوئاهەنگی هەیەو بیروراكانی خۆی بەسەر ئەوی دیدا ناسەپێنی و بەشێوەیەكی بەرچاو كراوەیە كە زیاتر لەنێو ئەم پایەگایەدا پەنجە بۆ (إخوان المسلمین) درێژ دەكری. لە بنەرِەتەوە هەڵەیە، چونكە لە راستیدا ئیسلامگەرای توندڕەوو میانرِەو بوونی نیە، هەرچەندە دەتوانین موسڵمانی توندڕەوو میانرەو لێك جودا بكەینەوە بەڵام ئەوی لەنێو ئاراستەی ئیسلامگەرایدا بێت ناتوانرێت وەك میانرەو وەسف بكرێت چونكە كۆی ئیسلامگەرەكان لە توندرِەوەیدا یەكانگیر و هاوبەشن. لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە لەو ئیسلامگەرانە بكەین كە خۆیان بە میانرەو دەزانن: ئایا باوەڕی خۆیان ئیلغا كردۆتەوە بە ئایەتەكانی جیهاد و هاندانی كوشتن و توندوتیژی؟ ئایا میانرِەوەكان سورەتی (التوبە) یان لە قورئانەكەی بن باخەڵیان دەرهێناوە؟ ئایا میانرِەوەكان هێشتا برِوایان وایە بەهەشت لەژێر شەبەنگی شمشێردایە؟ ئایا میانرِەوەكان جورئەتی ئەوە دەكەن كە حەدیسەكانی جیهادو تالآنی پشتگوی بخەن و بڵێن سەردەمی كارپێكردنیان بەسەرچووە؟ ئایا میانرِەوەكانیش تەكفیری ئەو كەسانە ناكەن كە رەخنە لە ئیسلام و پارتە سیاسییەكانیان دەگرن؟

بێگومان تاكە شتێك رەوتی میانرەو لە توندرەو جیا دەكاتەوە لەوەدایە كە ئەوی یەكەمیان هەلومەرجی بابەتی خوێندۆتەوەو دەزانێت پارسەنگی هێز بەلای كێدا لارە، بەڵام ئەوی دووەمیان بەبێ تێگەیشتن لە زەمینەو واقیع بەشێوەیەكی هەڵچووانە بانگەشەی بەكارهێنانی زەبرو زەنگ دەكات، گەر وردبینەوە لە مێژووی (إخوان المسلمین) لە نزیكەوە بەر ئەم راستیە دەكەین: بۆ نموونە لە سەرەتای كاری ئەو گروپەدا بەشێوەیەك دەردەكەون وەك كۆمەڵێكی ریفۆرمخواز، لەو ساتە وەختەشدا (حسن البنا) دەیووت (لەگەڵ خەڵكی وەك دار وابن گەر بەردیان تێگرتن ئەوا ئێوە بەریان تێبگرن) بەڵام لەوكاتەی كە دەبنە رێكخراوێكی تۆكمەو بە نفوس دەمامكەی سەرچاویان لادەدەن و لەم لەحزەیەدا (حسن البنا) دەڵی ( (ئەوەی لەبەردەم هاولآتیانی میسردا، هەڵبژاردنە لەنێوان دوو سەنگەردا: پەیوەندی كردن بە ئیخوانەوە یان دژایەتی كردنمان) بەنا ـ رێگەی سێهەم نابینی و هەر دۆستایەتی نەكردن و قبول نەكردنێكی بە دوژمنایەتی كردنی تێدەگات. تا دەگات بەوەی ئیخوانەكان هەڵدەستن بە دەركردنی گۆڤاری (النثیر) كە لە راستیدا ناوی گۆڤارەكە هەڵگری گەلێك ماناو مەدلولاتی تایبەت بە خۆیەتی كە گرنگترینیان بریتییە لە تەعبیركردن لە هەستی توندوتیژی گروپەكەو ئیدی لە پرۆسەیەكی لەسەرخۆدا گروپەكە بەرەو رەوتێكی چەكداری دەرِوات و (حەسەن بەنا) ش باسی جیهاد دەكات و ئەمجارەیان لە جیهادی دەروونەوە باز دەدات بەرەو جیهادی كوشتنی نەیاران هەر لەم بارەیەوە بەنا ـ دەڵی ( (جیهاد فەرزێكی پێویست و ئاشكرایە كە هەر دەبی بكری) ) . ئیدی لەم بەرواره بەدواوە ئەم گروپە چەندین جموجۆڵی چەكداری بەرِێدەخات و تیرۆركردنی (نەقراشی پاشا) نمونەیەكی هەرە دیارییانە.

لە کوردستانیش لەبەردەم هەمان ئەزموونداین و یەکگرتووی ئیسلامیی کە راستەوخۆ لقێکە لە (إخوان المسلمین) و ناشکری بە هیچ جۆرێك مێژووی یەکگرتوو بە جیا لە مێژووی (إخوان) سەیر بکرێت، بی لەوەشی یەکگرتوو لەو چرکە ساتەدا خۆی رادەگەیەنی (1994) کە هیچ مەترسییەك لەسەر کوردو پاکتاوی گەلەکەی نەماوە، رۆڵی هەبووە لە بەرهەمهێنانی توندوتیژیدا، هەرچەندە گەلەك هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی خۆیان بە جیا بگرن لە رەوتە ئیسلامیەکانی تر (کۆمەڵ و بزوتنەوە) بەڵام لە واقیعدا یەکگرتوو و هەموو ئەوانیتریش یەك ستراتیژییان هەیەو سەر بەیەك شێوەی بیرکردنەوەو دنیا بینن بۆ دەرەوەی خۆیان و شتەکان بە کەمێك جیاوازییەوە کە دەتوانین بڵێین گەر گروپی (انصار الاسلام) باڵی عەسکەری ئەو بزوتنەوەیە بێت ئەوا یەکگرتوو باڵە سیاسیەکەیەتی.

رەنگە یەکگرتووی (میانڕەو) بەشێوەیەك پەرە بدات بە کلتوری زەبرو زەنگ کە لە توندوتیژییەکەی (انصار الاسلام) جیاواز بی، لەوانەیە (انصار) لەبەر مەنکوب بوونی خۆی و بچوکی قەبارەکەی توانای ئەوەی نەبی لەنێو کایە کلتورییەکەدا تیرۆر بەرهەم بهێنی بەڵکو تەنیا دەتوانی فەزایەکی نائارام بەرجەستە بکات، بەڵام یەکگرتوو بەهۆی بەهێزیی و فراوانی قەبارەکەی لە توانایدایە کار لەنێو لایەنە کلتوریی و کۆمەڵایەتییەکاندا بکات. یەکگرتوو ـ لەرێگەی رایەڵی راگەیاندن و مینبەری مزگەوتەکانەوە فتوا دەدات و مەلاکانیشی رۆژانە لە وتارو وەعزەکانیاندا نەفرەتی ئاسمان بەسەر هەموو ئەوانیتری دەرەوەی خۆیاندا دادەبارێنن و دیسان ئەوە هەر یەکگرتووە دەیەوێت رەخنەگران و رۆشنبیرانی نەیار بئاڵێنێتە تەلبەندی رقی خەڵك و وێنایەکی ناشیرینیان لەنێو زەینی خەڵکدا بۆ دروست دەکات و هەمیشە هەر رەخنە گرتنێك لە ئیسلامگەرەکان یەکسان دەکاتەوە بە رەخنەگرتن لە خوا و پێغەمبەرەکەی چونکە ئیسلامگەرەکان خۆیان بە سێبەری خوا دەزانن لەسەر زەوی. لەبەر ئەوە لە ستراکتۆرەوە ئەو پۆلێنکردنەوەی کە لەسەرەوە باسمان کرد بە هەڵەدا چوونە ئەگەر نا لە جەوهەرو ماهییەتدا هەموو رەوتە ئیسلامگەرەکان یەك شتن و دووڕووی دراوێکن.

تەوەری سێیەم ـ ئیسلامگەرای کوردستان و کێشەی نەتەوەیی:

لەم چاپتەرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ئایا ئیسلامگەرەکانی کوردستان تا چەند بەشداربوون لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان و شانبەشانی هێزەکانی دیکە لە سەنگەردا بوون بۆ بەرگری کردن لە کوردبوون و ستەملێکراوی ئەو گەلە؟

کە لە راستیدا ئیسلامگەرەکان نەیانتوانیوە (نەیانویستوە) لە قۆناغی سەختەکاندا بوونی خۆیان ئاشکرا بکەن، بۆ نموونە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی (إخوان) لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکانی سەدەی رابردوو کەچی ساڵی (1994) دوای راپەڕین لەژێر ناوی (یەکگرتوو) دا خۆی رادەگەیەنێت، تەنانەت ئەوان لە قۆناغە هەستیارەکانی خەباتی شاخدا تەواو بێدەنگن و وەك حەلقەیەکی نهێنی زۆر بچوك دەمێننەوە.

لە ماوەی رابردووشداو لە ئەزموونی کارکردنی رەوتە ئیسلامگەرەکانەوە بەشێوەیەکی کرداریی بینیمان نەیانتوانیوە لەنێو چوارچێوەی کوردایەتی و خەباتی سەربەخۆیی کوردستاندا کار بکەن، بەپێچەوانەوە خزمەتگەلێکی زۆری کەلتوری ناسیۆنالیزمی عەرەبیان کردووە، گەشەکردنی ئەم فۆرمە لە ئیسلامگەری بەشێکە لە پرۆسەی گەشەکردنی بیری پان ناسیۆنالیزمی عەرەب، چونکە ئیسلام رەگەزێکی هەر گرنگی عروبەیە هەروەك (میشیل عفلق) ی تیۆرسیۆنی بەعسیزم دەڵی ( (پێوەندی نێوان عروبەو ئیسلام وەك پێوەندی جەستەو گیان وایە) ) . یەکگرتوو بە ریالی سعودی و دەوڵەتانی خەلیج بە ناوی فریاکەوتنی هەژاران و خێرخوازییەوە دەبێتە جێبەجێکاری پرۆژەکانی نەتەوەپەرستانی عەرەب، چونکە جێگەی گومانە کە عەرەبە (خێرخوازەکان) بە تەنیا مزگەوت لە کوردستان دروست دەکەن ( (وەك ئەوەی کەممان هەبێت) ) . لەکاتێکدا لەو چرکە ساتە زێڕینانەی کە یەکگرتوو ـ مزگەوتی دروست دەکرد هەر

ئەو جەماوەرە موسڵمانە بوو كە یەكگرتوو مزگەوتی بۆ بونیاد دەنا لە هەژارییەكی كەم وێنەدا دەژیا. ئەو عەرەبەی كە ملیۆنەها دۆلارو ریال دەخاتە سەر حساب بانكی یەكگرتوو بە خۆڕایی ئەم برە خەیاڵییە بە فیڕۆ نادات لەبەر ئەوەی دەزانێت بەهێزبوونی رەوتی ئیسلامی بونیادگەریی لە كوردستان بە مانای پوكانەوەی بیری نەتەوەییەو بەمەش رێگا تەخت دەبێت لەبەردەم عەرەب تا لە كەنداوەوە بۆ ئۆقیانووس بە زێدی رەسەنی خۆی بزانی.

لە هەمووشی سەیر ئەوەیە كە یەكێك لە بەرپرسە باڵاكانی یەكگرتوو كە تا كاتی نووسینی ئەم بابەتەش لە (دەوحە) دەژی بە عەگال و دشداشەوە نوێژی بە كۆمەڵ دەكات و دوعا بۆ برا موجاهیدەكانی خۆی دەكات لە فلیپپین و كشمیر بەبی ئەوەی لەبیری بی كە خەڵكی كوردستانە و گەلەكەی خۆیشی لە هەموو ئەوانە چەوساوەترە بەڵكو لە هەمووشی گرنگتر عەرەبی دشداشە لەبەر ئەو غەدرو شەمەگەورەیەی لە گەلەكەی كردووە.

Shamzini79@hotmail. com